# دوو یاریزانی کورد بانگێشتی هەڵبژاردەی ئۆڵۆمپی عێراق کران



هەڵبژاردەی ئۆڵۆمپی عێراق لیستی یاریزانە بانگێشت کراوەکانی بۆ ئامادەکاری ئۆڵۆمپیادی پاریس بڵاوکردەوە و دوو یاریزانی کورد بەشدارن

ستافی تەکنیکی هەڵبژاردەی ئۆڵۆمپی عێراق بە سەرۆکایەتی ڕازی شنەشل لیستی سەرەتایی خۆیانی بۆ کەمپی مەشق و راهێنانەکان بڵاو کردەوە.

هەڵبژاردەی عێراق ئامادەکاری دەکات بۆ پاڵاوتنەکانی ئاسیا، لە پێناو گەیشتن بە ئۆڵۆمپیادی پاریس ، بۆ ئەو مەبەستەش 13 رۆژ لە وڵاتی ئیسپانیا مەشق و راهێنان ئەنجام دەدەن.

هەڵبژاردەی ئۆڵۆمپی عێراق ناوی 23 یاریزانی لە لیستەکەدا بڵاوکردووەتەوە و دوو لەو یاریزانەنە کوردن بە ناوەکانی بەند حەسەن و سیابەند عەگید .

عێراق لەو ماوەیەدا دوو یاری دۆستانە بەرامبەر هەڵبژاردەکانی ئەمریکا و کۆتیفوار ئەنجام دەدات.